سەید حەکیم هەوڵەکانی گروپەکان لەڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆر بەرز دەنرخێنێت و داوای تەواوکردنی شایستەکانی سەروەری دەکات

لەکۆبوونەوەی دەستەی ڕا، سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت و سەرۆکی رەوتی حیکمەی نیشتمانی 30 ئەیلولی بەرۆژێکی گرتگ لە مێژووی عێراق وەسفکرد بەگەڕانەوەی سەروەری و بەڵگەی چاکبوونەوەی عێراق لەڕێگەی کۆتایی پێهێنانی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی داعش.

بەڕێزیان داوای کرد بەرپرسیارێتی داواکارییەکانی ئەم قۆناغە لە ئەستۆ بگرێت و دەستخۆشی لە هەموو ئەو ه□و□□انە کرد کە بەشداربوون لە گەیشتن بە سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر داعشدا، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی بەرز نرخاندنی هەوڵەکانی فراکسیۆنەکان لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆر کرد، هەروەها جەختی لە گرنگی چارەسەرکردنی پرسی چەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کردەوە، لە پێشینەدان بە بەرژەوەندییەکانی عێراق لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەت، لە درێژەدا گرنگی خستنەڕووی هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی کێشەی چەکەوە زیانیان بەرکەوتووە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت ڕوون کردەوە کە دواجار دەبێتە هۆی گەیشتن بە سەروەرییەکی تەواو.

بەڕێزیان ئاماژەی بە سەردانەکەی کرد بۆ کۆماری میسری عەرەبی، تیشکی خستە سەر گرنگی میسر لە چوارچێوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بە لەبەرچاوگرتنی میراتی دەوڵەمەندی کولتووری و ڕۆڵی چارەنووسسازەکەی لە بوژاندنەوەی ناوچەکەدا، هەروەها جەختی لە گرنگی کرانەوەی عێراق کردەوە بەرامبەر ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی و سەروەری عێراق بپارێزێت.

سەماحەتی جەختی لە گرنگی تەواوکردنی کابینەکەی کردەوە و ڕوونیکردەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت بتوانێت بەرنامە خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و ئابوورییەکانی جێبەجێ بکات. داوای لە ئەندامانی ڕەوتی حیکمەتی نیشتمانی کرد کە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بپارێزن، هەروەها دووپاتیکردەوە کە سەردانەکانی بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا لە سروشتێکی کۆمەڵایەتیدا بوون، ئامانجیان پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی میللەت و دروستکردنی لێکتێگەیشتنە...